
Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# خولی تایبەت بە کۆمەڵگای فینلاندی

## کۆمەڵگای فینلاندی






**جێگەی وولاتی فینلاند** لەسەر گۆی زەوی دەکەوێتە نیوەگۆی باکووری ئەورووپا. فینلاند بەشێکە لەوولاتانی باکوور (ئەسکەندەناڤیا)، وەک سوید، نەرویج، دانیمارک و ئایسلاند. فینلاند سێ سنووره دراوسێی هەیە: سوید لەڕۆژئاواوە، نەرویج لەباکورەوە و ڕووسیا لەرۆژهەلاتەوە. Ahvenanmaa (ئاڵاند) گروپێکی دوورگەی خۆبەڕێوەبەرە لە دەریای باڵتیک، بەشێکە لە وڵاتی فینلەندا.

**ژمارەی دانیشتوانی فینلاند** لەنزیکەی ٥ ملیۆن و نیو پێکهاتوە و ڕووبەرەکەشی پێکهاتوە لە نزیکەی 500 338 کم. فینلاند یەکێکە لەو وولاتانەی ئەورووپا کە چڕی نیشتەجێ بوون تێیدا پەرشوبڵاوە. لەفینلاندەدا ڕێژەیەکی زۆر دارستان و ڕوبار هەن، تەنانەت لە 75 ٪ی ڕووبەرەکەی لەدارستان پێکهاتوە و 10 ٪ی ڕووبەرەکەی ئاوە.

**زمانە فەرمییەکانی فینلاند** بریتین لەزمانەکانی فینلاندی، سویدی و سامی. ٤ ملیۆن و هەشت سەد هەزار فینلاندی بەزمانی دایک واتە فینلاندی ، 000 280 فینلاندی بەزمانی دایکییان واتە سویدی و 2000 فینلاندیش بەزمانی دایکییان سامی ئاخاوتن دەکەن. کۆمەڵە زمانە گەورەکانی دیکە بریتین لەڕووس زمانەکان(000 50) وە ئیستۆنی زمانەکان (000 93). لەفینلاندەدا هەمووکەسێک مافی پەرەپێدانی زمان و کولتووری خۆی و پێڕەوکردن لێیانی هەیە.

**ڕێژەی 65 ٪ی فینلاندییەکان** سەر بەکڵێسای لۆتەری-ئینجیلین، 1 ٪ سەر بەکڵێسای ئۆرتۆدۆکسن و 1,7 ٪یش سەر بەئایینەکانی دیکەن. نزیکەی ڕێژەی 32 ٪ی دانیشتوان پەیوەندیان بەئایینەوە نیە. لەفینلاندەدا ئازادی ئایین هەیە و هەرکەسێک دەتوانێت ئاینێک کەدەیەوێت پێڕەویی لێبکات یاخود دەتوانێت پێڕەوی لە هیچ ئایینێکیش نەکات. مافی پێڕەویکردن لەئایین لەدەستووردا زامن کراوە.

# مێژوو

زیاتر لەماوەی 9000 ساڵە کە نیشتەجێبوون لەفینلاندەدا هەبووە. فینلاند لەماوەی مێژووی خۆیدا بەشێک بووە لە سوید هەتا (- 1809) وە لەڕووسیا لەنێوان (1917 – 1917). فینلاند لەساڵی 1917دا سەربەخۆبووە. لەساڵی 1918دا فینلاند بەجەنگی ناوخۆدا تێپەڕبووە. لەپاش جەنگ لەفینلاندەدا سەردەمی بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەستی پێکرد. ئابووری فینلاند لەدەیەکانی 1920- کان وە 1930-کان دا بەشێوەیەکی ئەرێنی گەشەی کرد.

فینلاند لەنێوان ساڵەکانی 1945-1939 لەچەند جەنگێکدا جەنگیوە. لەجەنگی زستان (1940-1939)دا، لەبەردەوامی جەنگدا(1944-1941) وە لەجەنگی لاپلاندا (1945-1944). فینلاند لەتێکڕای جەنگەکاندا سەربەخۆیی خۆی هێشتەوە.

لەنێوان ماوەی دەیەکانی 1960-کان و 1970کان دا گۆڕانکاری بەهێز لەپێکهاتەی کۆمەڵگادا ڕوویدا. خەڵک لە دەوروبەری گوندەکانەوە لەکاری کشتوکاڵییەوە گواستیانەوە بۆنێو شارەکان بۆ کارکردن لەکارگە و بوارەکانی خزمەتگوزاریدا وە ئافرەتان هەنگاویان نا بەرەو دەرەوەی ماڵ بۆ کاری بەکرێ. هەروەها ئاستی بژێوی و بەکاربردنیش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چوونەسەرەوە.

فینلاند لەساڵی 1995دا وەک ئەندام پەیوەندی کرد بەیەکێتی ئەورووپاوە و لەساڵی 2002دا دەستی بەبەکارهێنانی دراوی ئێورۆ کردوە. دراوی ئێورۆ بەردەوام کاری پێدەکرێت.

فینلاند لە ساڵی 2023 چووەتە ناو هاوپەیمانی سەربازی ناتۆوە.

# دەوڵەت

فینلاند وولاتێکی کۆمارییە، کە سەرۆککۆمار سەرۆکایەتی دەکات. سەرۆککۆمار هەر ٦ساڵ جارێک لەڕێگای دەنگدانی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت.

پەرلەمان پێی دەوترێت ئەنجومەنی نوێنەران. 200 نوێنەر ئەنجومەنی نوێنەران پێک دەهێنن. نوێنەران هەر ٤ ساڵ جارێک لەڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەنجومەنی نوێنەران تێکڕای یاساکانی فینلاند دادەڕێژێت و بوودجەی دەوڵەت پەسەند دەکات.

لەفینلاندەدا کەسانی تەمەن ١٨ ساڵی هاوولاتی فینلاندی دەتوانن لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن و هەرکەسێکیش کە مافی دەنگدانی هەبێت، دەتوانێت خۆی بەربژێر بکات. لەهەڵبژاردندا مافی دەنگدان هەیە، بەڵام ئەرک نییە.

Ahvenanmaa (ئالاند) پەرلەمان، پەرلەمانی پارێزگای تایبەتی خۆی هەیە کە مافی دەرکردنی یاساکانی پارێزگای خۆی هەیە و بۆ نموونە لەسەر هێزەکانی پۆلیس، تێچووەکانی پۆست، باجی شارەوانی، قوتابخانەکان و هەروەها خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی بڕیار دەدات. نوێنەرانی پەرلەمانی پارێزگا هەر چوار ساڵ جارێک بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی جەماوەر هەڵدەبژێردرێن. Ahvenanmaa (ئالاند) هەروەها ئالای خۆی هەیە.

## شارەوانییەکان

لەفینلاندەدا نزیکەی کەمێک لەسەروو 300 شارەوانی هەن. شارەوانییەکان لەڕووی ڕێژەی دانیشتوانیانەوە تاڕادەیەک بچووکن. ڕێژەی مامناوەندی چڕی دانیشتوان نزیکەی 18000 ە. شارەوانییەکان خزمەتگوزاری نیشتەجێ بووانی خۆیان دابین دەکەن، کە بەشێکی زۆریان وەک ئەرکی شارەوانییەکان لەیاسادا جێگیرکراون. بۆ نموونە ئەرکە جێخراوەکان بەپێی یاسا بریتین لەو خزمەتگوزاریانەی خوارەوە:
خوێندن و باخچەی منداڵان, چالاکی کولتووری، گەنجان- و کتێبخانەکان,
نەخشەڕێژی شار, بەکارهێنانی زەوی, بەرهەمهێنانی ووزە- و ئاو,
سەرپەرشتیکردنی پاشەڕۆ, خزمەتگوزاری تایبەت بە ژینگە.

ئیدارەی ناوچە خۆشگوزەرانیەکان خزمەت و چاودێرییە کۆمەڵایەتیەکان و تەندروستییەکانی دانیشتووان، هەروەها خزمەتەکانی فریاکەوتن لە ئەستۆ دەگرن.

Ahvenanmaa (ئالاند) یاسای شارەوانی خۆی هەیە، ١٦ شارەوانی هەیە کە ٣٠٠٠٠ کەسیان تێدایە. شارەوانیەکان چاودێری ڕۆژانەی منداڵان و چاودێری بەساڵاچووان ڕێکدەخەن، خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لەلایەن KST (خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی شارەوانیەکان) و خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی لەلایەن ÅHS (خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی ئالاند) ڕێکدەخرێن. خوێندن لەسەر ئاستی دواناوەندی لەلایەن حکوومەتی پارێزگای ئالاند ڕێکدەخرێت.



## شارەکان

لەسەدا 72ی دانیشتوانی فینلاند لەنێو شارەکاندا دەژین. هێلسینکی پایتەختە و ڕێژەی دانیشتوانەکەی نزیکەی 650 000 کەسە. شارەگەورەکانی دیکە بریتین لە: ئێسپۆ، تامپێرێ، ڤانتا، ئۆولۆ وە تورکو.

## یاسا و فەرمانگەکان

لەفینلاندەدا یاساکان ماف و ئەرکی مرۆڤەکان دیاری دەکەن. ڕۆڵی فەرمانگەکان خستنەبواری جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێساکانە، چاودێری پێڕەوی لێکردنیانە و پێدانی ڕێنوێنییە.

تێکڕای ئەوانەی لەپەیوەندییەکی فەرمی فەرمانبەرێتیدا کاردەکەن لەگەڵ میری، شارەوانی، ئیدارەی ناوچەی خۆشگوزەرانی یاخود هەر خاوەنکارێکی دیکە کە پێرەوی لەبەکارهێنانی دەستەڵات بکات، فەرمانبەری میرین. فەرمانبەرانی میری لەوەزارەتەکاندا و لەفەرمانگەکانی میریدا کاردەکەن هەروەها بریتیشن بۆ نموونە لە پۆلیس، پاسەوانانی سنوور و فەرمانبەرانی گومرگ. لەهەڵسووڕاندنی فەرمانبەرێتی شارەوانیدا بۆ نموونە مامۆستایان کاردەکەن هەروەها پزیشک و پەرستاری نەخۆش وپەرستار کە لەپێگەی فەرمانبەرێتی سەرپەرشتی تەندروستی- و کۆمەڵایەتی سەر بە شارەوانیدا کاردەکەن. ئەوانەی وەک فەرمانبەری شارەوانی کار دەکەن بۆ نموونە بریتین لە مامۆستایان. ئەوانەی کە لە ئیدارەی ناوچەی خۆشگوزەرانی کار دەکەن بۆ نموونە بریتین لە دوکتۆرەکان و کارمەندەکانی سۆشیال و پەرستارانی نەخۆشی و پەرستارانی یارمەتیدەری کەمتواناکان.

هاووڵاتی مافی تانەدانی هەیە لەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بەخۆیەوە و مافی هەڵویست دەربڕین بۆ نموونە لەبەرامبەر کرداری فەرمانبەردا کە لەڕوانگەی ئەمەوە هەڵە بووە هەیە.

## زامنی کۆمەڵایەتی و باجگری

لەفینلاندەدا سیستەمێکی بەرفراوانی زامنی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا هەیە، کە لەڕێگەی باجگرییەوە دارایی بۆ دابین دەکرێت. هەمووان لەداهاتی خۆیان، لەکڕیندا باج دەدەن و لەلای خۆیانەوە دارایی کارامانەوەی سیستەمی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگا دابین دەکەن و خۆشیان لەبەرامبەردا خزمەتگوزاری بەدەست دەهێنن. تێکڕای هاووڵاتیان بۆ نموونە دەرفەتی چوونەلای پزیشکیان بەنرخێکی هەرزان، خوێندنی سەرەتایی بێ بەرابەر، وەرگرتنی خانەنشینی و کۆمەکی خێزانی جۆراوجۆر لەو نێوەدا کۆمەکی سەرپەرشتیکردنی ماڵ و دەرماڵەی منداڵیان هەیە.

## سیستەمی خوێندن

خوێندن لەفینلاندەدا لەو ساڵەدا دەست پێدەکات، کە منداڵ تەمەنی حەوت ساڵی پڕدەکاتەوە. بەرلەمەش یەک ساڵ فێرکردنی پێشوەختە هەیە. هەر منداڵێک کە لەفینلاندەدا بەجێگیریی نیشتەجێ بووە ئەرکی خوێندنی لەئەستۆیە. ئەرکی خوێندنی ناچاری کاتێک کۆتایی دێت کە گەنجەکە تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ یان کاتێک کە پێش ئەمە بڕوانامەی ئاستی دووەم (خوێندنی ئامادەیی یان خوێندنی پیشەیی) تەواو دەکات. لە Ahvenanmaa (ئالاند) خوێندنی ناچاری 9 ساڵی خوێندنە.

ئەو منداڵەی کە داوای مافی پەنابەری یان پاراستنی کاتی کردبێت مافی خوێندنی هەیە بەڵام ئەرکی خوێندنی ناچاری لەئەستۆ نیە. خوێندن بۆ خوێندکاران بێ بەرابەرە و لەخوێندنگەدا خواردنی بێ بەرابەر بۆ هەمووان پێشکەش دەکرێت.

لەباری کردارەکییەوە نزیکەی زۆربەی گەنجان لەپاش خوێندنی سەرەتایی لەئامادەییدا یان خوێندنگەی پیشەییدا درێژە بەخوێندنەکانیان دەدەن.

## ئازادی دەربڕین و بەشداریکردن

لەفینلاندەدا هیچ کەسێک ناتوانێت دەربڕین لەهیچ کەسێکی دیکە قەدەغە بکات یان بڵاوکردنەوەی بیروڕا قەدەغە بکات. لایەنیکەم ئازادی دەربڕین بەرپرسیارێتی گەورە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. هیچ کەسێک نابێت:

- دەربڕینی پێشێلکارانە لەبارەی تایبەتمەندییە کەسییەکانی کەسێکی دیکەدا دەرببرێت هانی توندوتیژی دژ بەدەستە مۆرۆڤێکی دیکە بدات
- ئازادی دەربڕین بۆ مەبەستی مافداربوون بۆ کرداری ڕەگەزپەرستی بەکاربهێنێت.


لەفینلاندەدا لەتوانادابوونی کاریگەری نواندن لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بەکۆمەڵگا بەچەندین شێوازی جیا هەیە. هاووڵاتیان مافی دەنگدان و خۆبەربژێرکردنیان لەهەڵبژاردندا هەیە. لەفینلاندەدا هەمووان دەتوانن نارەزایەتی ڕێکبخەن و بەشداریی تێدابکەن. بێجگلەوەش لەفینلاندەدا چەندین ڕێکخراوە و یەکێتیی پیشەیی هەڵسووڕاو هەن، کە دەتواندرێت لەهەڵسووڕانیاندا بەشداری بکرێت.

## کەشو هەوا و وەرزەکانی ساڵ

لەفینلاندەدا چوار وەرزی لێکجیاوازی ساڵ هەن.

- لەزستاندا سارده و لەزۆر شوێندا بەفراوییە.
- لەبەهاردا بەفر دەست دەکات بەتوانەوە، پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە و سروشت دەبووژێتەوە.
- لەهاویندا ڕووناک و گەرمە، بەڵام کەش گۆڕکێکان پێدەچێت زۆربن.
- لەپاییزدا شەوڕۆژ کورت دەبێتەوە و تاریک دەبێت، کەش سارد دەبێت و سروشت خۆی بۆ زستانی دادێ ئامادە دەکات.

فینلاند ووڵاتێکی درێژە و ئەوەش کاریگەری دەبێت بۆ نموونە لەسەر پلەکانی گەرمی. لەباشووری فینلاندەدا دەشێت هەر لەمانگەکانی نیسان- ئایاردا گەرم و بەهاراوی بێت لەکاتێکدا لەباکووری فینلاندەدا هێشتا بەفر هەیە. پلەی مامناوەندی گەرمی لەتێکڕای ساڵدا لەباشووردا نزیکەی +1 پلەی سەدی دەبێت و لەباکووردا +7 پلەی سەدی دەبێت.



# جەژنەکانی فینلاندی

لەفینلاندەدا زۆر جەژنی میللی هەن، کە لەوکاتانەدا بۆ نموونە خوێندنگەکان و چەندین شوێنی کار داخراون. هەروەها لەکاتی کرانەوەی فرۆشگاکانیشدا دەشێت گۆڕانکاری هەبێت. گرنگترین جەژنەکان بریتین لە:

- ساڵی نوێ (1.1.)
- جەژنی هەستانەوە ( لەبەهاردا)
- ئایار (1.5.)
- چلەی هاوین (کۆتایی مانگی حوزەیران)
- ڕۆژی سەربەخۆیی (6.12.) وە
- لەدایک بوونی مەسیح (24.-26.12.)

# داب ونەریتی فینلاندی

زۆرجار فینلاندییەکان بەمرۆی کەمدوو وە دوورەپەرێز دەناسرێنەوە. نەوەی نوێ ئەو وێنایە لەبارەی ئەو نەریتەی فینلاندییەکانەوە دەشکێنن. ڕاستگۆیی و بەڵێن ڕاستی بەکرداری چاکی فینلاندی دادەنرێن. کرداری چاکی بەڵێن ڕاستی لەتێکڕای چاوپێکەوتنەکان و گرتنی کاتە فەرمییەکاندا بەدیدەکرێن، کە دەبێت ئامادەیی بەبێ لادان دروست لەکاتی دیاریکراودا بێت.

ژیان و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای چەند ئازادییەک بنیاتنراون و مرۆڤەکان دەتوانن سەربەخۆیانەوە بڕیاربدەن و بەرنامەڕێژی ژیان و ڕێچکەی ژیانی خۆیان بکەن. لەفینلاندەدا بۆ نموونە بەشێوەیەکی بەرفراوان ئازادی دەربڕین و ئازادی ئایینی، ئازادی پۆشین و سەربەخۆ هەڵبژاردنی هاوسەر هەیە.

کۆمەڵگای فینلاندی لەسەر بنەمای تاک بنیاتنراوە. مرۆ وەک تاک مامەڵەی لەبەرامبەردا دەکرێت، نەک بەتەنها وەک ئەندامی خێزانێک. بەڵام لایەنیکەم بەزۆری خێزان گرنگە. خێزان فرەشێوازە، بەتەنها بریتی نییە لەوەی کە پێکهاتبێت لەدوو سەرپەرشتیار و منداڵەکان. منداڵ بەهادارە و مافێکی زۆریشیان هەیە. تەمبێ کردنی جەستەیی منداڵ لەیاسادا قەدەغەکراوە.

ساونا یەکێکە لەجێگا دڵگیرەکانی فینلاندییەکان و بەبێ لەبەرچاووگرتنی وەرزەکانی ساڵ بەڕادەیەکی زۆر بەکاردەهێندرێت. ئەوە نەریتێکی ئارام بوونەوەی فینلاندییە.

هەروەها سروشت بەلای فینلاندییەکانەوە گرنگە و هەندێک پێیان وایە کە بەشێکەی لەکەسایەتییمان. بڕوا وایە کە سروشت خۆشگوزەرانی و تەندروستی مرۆڤ زیاد دەکات. لەسروشتدا دەجووڵێن و ئارام دەبنەوە. لە فینلاندەدا مافەکانی هەموو کەسێک بەکاردەهێندرێت و مەبەست لەوەش، هەرکەسێک کە لەفینلاندەدا نیشتەجێیە مافی بەکارهێنانی سروشتی هەیە (بۆ نموونە لەناوچەیەکدا هاتووچۆبکات یاخود میوەکێویلە بچنێتەوە) بەبێ لەبەرچاووگرتنی ئەوەی، کە کێ خاوەنی ناوچەکەیە. لایەنیکەم بەکارهێانی مافەکانی هەموو کەسێک نابێت ببێتە هۆی کەوتنەوەی کاریگەری خراپ و بێزاری.



# بابەتی زیاتر

ڤیدیۆی فێرکاریی «بنیاتنانی خۆشگوزەرانی: سەدەی فینلاند و ڤێرتەنێنەکان»دا باس لەمێژووی فینلاند و گەشەکردنی کۆمەڵگای فینلاندی لەسەرەتای ساڵەکانی 1900 هەتا بەڕۆژگاری ئەمڕۆ دەگاتەوە، دەکات.

ڤیدیۆییەکە لەڕێگەی وێنایەکی خەیاڵی قۆناغەکانی بنەماڵەی ڤێرتەنێنەوە لەبابەتەکەوە نزیک دەبێتەوە. ڤیدیۆکە بە زمانێکی ساناى فینلاندی و هەروەها بەحەوت زمانی دیکەش بەدیهێنراوە، کە بریتین لە: عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی، کوردی(سۆرانی)، سۆماڵی زمانی تای و ڕووسی.

**http://suomenvuosisata.fi/suomi.html**

پرۆژەی لەفینلاندەدا لەماڵەوە چەند ڤیدیۆیەکی دروستکردوە کە باس لەکۆمەڵگای فینلاندی دەکەن. بابەتەکانی بریتین لە:

- ڕێبازی کاری باجگری و کۆمەڵگای خۆشگوزەران
- دیموکراتی و  کاریگەری نواندی کۆمەلایەتی
- مرۆڤی ئاسایی فینلاندی چۆنە؟

ڤیدیۆکان لەسەر یوتیوب لەو ناونیشانەوە

**https://www.youtube.com/c/KotonaSuomessa/playlists**

دەبیندرێنەوە.
ڤیدیۆکان بەزمانەکانی: فینلاندی، سویدی، ئینگلیزی، عەرەبی، داری، کرمانجی، سۆماڵی، سۆرانی، تای، چینی، فەرەنسی، ئیستۆنی، تیگرینیا و ڕووسی دەتوانرێت سەیریان بکرێت.

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service